# کاسەی سەبری خەڵکی کوردستان لێ ی ئەڕژێت !!



لای هەمووان ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستانی عێراق لەبارودۆخێکی زۆر سەختدا ئەژین . نەبوونی ئاو وکارەبا وسووتەمەنی ، گرانی وکەمی مووچە وکرێ ، نزمی لەڕادەبەدەری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان وگەندەڵی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژیانیان لە خەڵک هەراسان کردووە .

لەبەرانبەر ئەو بارودۆخە سەختەی ژیان وگوزەران وخراپتربوونی هەر ڕۆژەیدا جەماوەری شارەکانی دەربەندیخان ، کەلار ، چەمچەماڵ وسلێمانی لە چەند ڕۆژی ڕابووردوودا وەکوو شێوازێکی مۆدێرن وشارستانی وپاش مایەپووچی هەموو بەڵێنەکانی لێپرسراوانی ئیدارەی ناوچەی سلێمانی وبۆ داواکردنی داخوازیەکانیان لە ئاو وکارەبا وسووتەمەنی وچارەکردنی ئەزمەی گرانیدا کە بەهەموو پێوانەیەک لانی کەمی پێویستیەکانی ژیانی بەشەری ئەمڕۆن ، ڕژانەسەرشەقامەکان .

بەڵام وەکوو پیشەی هەمیشەییان هێزە سەرکوتگەرەکانی ئاسایش وپۆلیس ومافیاکانی یەکێتی نیشتیمانی ی کوردستان کە ڕۆژانە لەمیدیاکانیانەوە وانەی دیموکراتیەت ومافی مرۆڤ بەسەر خەلکی چەوساوەی کوردستاندا ئەڵێنەوە ، زۆر دڕندانە وبەدوور لە هەموو نەریتێکی ئینسانی کەوتوونەتە وێزەی خەڵکی وپەنابردن بۆ چەپەلترین شێوەی سەرکوت وناوزڕاندن لەبەرانبەر خەلکێکدا کە ساڵەهای ساڵ قوربانیان داوە وئەمڕۆ بۆ ئاو وکارەبا وپارووی دەمی منالەکانیان داوای مافە خوراوەکانیان ئەکەن .

ڕۆژی یەکشەممە 12 / 8 وبەمەبەستی داواکردنی ئەو داخوازیانە ودوای خۆپیشاندانەکانی خەلکی کفری ودەربەندیخان وچەمچەماڵ ودوای پەلامارە خوێناویەکەی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە جەماوەری شاری سلێمانی بەدەسپێشکەری دەستەی داکۆکیکردن لە داخوازیەکانی شارەکە هەولیان دا بۆ وەرگرتنی وەڵامی لێپرسراوانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم لەسلێمانی خۆپیشاندانێکی ئارام ڕێکبخەن بەڵام دام ودەزگاکانی ئاسایش وپۆلیس کە بەهەزارانیان ڕژابوونە سەر شەقام وگرتنی کۆڵانەکان زۆر دڕندانە کەوتنە پەلاماردانی خەلکی ناڕازی وئاسایشی سلێمانی وپۆلیس خرانە حالەتی ئامادەباشەوە وتا ئێستا دەیان کەس گیراون

ودەیانیش بریندارن . بە پێ ی هەوالەکان ومیدیاکانی ناو کوردستان ئەو گیراوانە لە زیندانەکانی ئاسایشدان ودەسەڵاتدارەتی سلێمانی خەریکی تەلفیق کردنی تۆمەت وکەیسە بۆیان . لەناو گیراوەکاندا چەندین ئەندامی ڕێکخراومان وئەندامانی چەندین لایەنی سیاسی ورێکخراوی تری ئۆپۆزیسیۆن دەسگیرکراون . هێزەکانی ئاسایش وەکوو پیشەی پیاوەکانی ئەمنی گۆڕبەگۆڕی بەعس هەلئەکوتنە سەرماڵان ودەیان کەس بەوشێوەیە ڕاپێچی زیندان کراون . بەدوور لەهەر عورفێکی ئەخلاقی یەکێتی بەجل وبەرگی مەدەنیەوە هێزی ئاسایش ئەخزێنێتە ناورێزی خۆپیشاندەرانەوە بۆ گرتن وناسینەوەیان وتەنانەت سوود وەرگرتن لەشێوازی وەکوو وێنەگرتن ونەفس نزمی ڕاپۆرچێتی لەسەر هەلسووڕاوانی سیاسی وجەماوەری . لەم هێرشانەدا وبۆ دیزە بەدەرخۆنەکردنی تاوانەکانیان ڕۆژنامەنووسانیش بێبەش نەبوون لەسەرکوت وگرتن وڕاونانی پیاوانی ئاسایش .

ئێمە هاوکات لەگەل ئەوەی کە دەنگمان ئەخەینە پال دەنگی خەلکی ڕاپەڕیو و چەوساوەی کوردستان بە پێویستی ئەزانین بلێین کە :

1 / پێویستە ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەزووترین کات داخوازیەکانی خەلکی کوردستان جێ بەجێ بکات .

2 / ئەبێ سەرجەم گیراوەکانی ئەم خۆپیشاندانە لەسەرجەم شارەکانی کوردستان وەکوو زیندانی سیاسی وبیروباوەڕ بەزووترین کات وبەبێ هیچ مەرجێک ئازاد بکرێن .

3 / ئەبێ بە یاسا وبەکردەوە تەقەکردن وهەر شێوەیەکی تر لەپەلاماردانی خۆپیشاندان وکۆبوونەوە ومانگرتن قەدەغە بکرێت .

4 / پێویستە تاوانبارانی تەقەکردن وبریندارکردن وکوشتنی خۆپیشاندەران ، چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ بەوتاوانانە هەلساون چ ئەوانەش کە فەرمانی تەقەوپەلاماریان داوە توندترین سزا بدرێن .

5 / خۆپیشاندان ومانگرتن وکۆبوونەوە وهەموو شێوازەکانی تری دەربڕینی نارەزایەتی مافێکی بێ ئەملاوئەولای خەلکە وبەشێکی بنەڕەتی مافی مرۆڤە وئەبێ لەدەستوور ویاساکاندا دەسەڵاتداران فێربکرێن ڕێز بۆ ئەو مافە دابنێن .

ئەی جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان

ئێوە کە بەڕاپەڕینەکەی 1991 لمۆزی فاشیەتی بەعستان شکاند وسالەهای سال بەرگریتان کرد لەبەرانبەر ئیعدام وئەنفال وکوشت وبڕی ئەمن وئیستیخبارات وسەرکووتی هارترین ڕژێمی دیکتاتۆری دنیا ، ئێوە کە بەهەزاران ڕۆلەتان کرد بەقوربانی لەپێناوی سەرفرازی وئازادی وژیانێکی پڕ لەکەرامەتدا ، شایستەی ئەوەن کە نەک هەر بەهرەمەند بن لە ئاو وکارەبا ، بەلکوو شایستەی ژیانێکی تێر وتەسەل وئازاد وسەرفرازن کە سەروەت وسامانی کوردستان بۆ خۆشی وبەختەوەری ئێوە وڕۆلەکانتان بخرێتەگەڕ نەک بۆ کۆمەلێک مافیای شرەخۆر!! .

هەر لەوکاتەدا کە سەدان هەزار خاوخێزانی ئەنفال وملیۆنەها خەلکی کوردستان لەهەژاری ومەینەتیدا ئەژین سەرانی دەسەڵاتداری کوردستان ، مافیای مەسئوول ودەسەڵاتی یەکێتی وپارتی لەوپەڕی ناز ونیعمەتدا ئەژین وئەبێ ئێوەش گەرمای سەختی هاوین وسەرمای کوشندەی زستان وشمشێری هەژاری بەسەرسەرتانەوە بێت وگەر ڕۆلەکانتان وئەوانەی داوای ئەو مافانەتان ئەکەن دەنگ هەلبڕن ولەبەرانبەر مافیای سەرمایەدارانی نوێ ی دەسەڵاتدا بۆ ئەو

مافانەتان بێنە مەیدان ئەوە لەشکری هەزاران کەسی تەیارکراو بەچەکیان تێبەردەن وبگرە هەولیش ئەدەن ناوزڕاویان بکەن وحالەتی شەڕ لەبەرانبەر خەلکی بێ دیفاعدا ڕابگەیەنن .

دابینکردنی داخوازیەکانی ئێوە ودانانی ڕادە وسنوورێک بۆ حکوومەتی گەندەلی هاوبەشی مافیاکانی یەکێتی وپارتی بەستراوەتەوە بەیەکگرتووی ئێوەوە . بەپشتیوانیتان لە خۆپیشاندانی ڕەوای ڕۆلەکانتانەوە ، بەبەردەوامی وفراوانترکردنەوەی خەباتی ئێستاتانەوە ، بە برِوانەکردن بەدرۆ ودەلەسەکانی دەسەلآتدارانی مشەخۆر وگەندەلی کوردستانەوە .

شەڕی ڕاگەیەنراوی یەکێتی لەدژی جەماوەری برسی وبەشخوراو وئامادەباشی هێزەکانی ئاسایش وپۆلیس وپێداگری ئێوە لەسەرداخوازیەکانتان قۆناغێکی نوێ یە لە ژیانی کۆمەلآیەتی کوردستاندا . کەس ناتوانێ لەشەڕێکدا بۆ پارووی نان وئاو وکارەبا وسووتەمەنی ، بۆ سادەترین خزمەتگوزاری شایستەی ئینسان بێلایەن بێت وئیتر سنووری نێوان بەرەی خەلک وبەرەی مشەخۆرانی دەسەلآتی یەکێتی وپارتی لەهەموو کات ڕۆشنترە . سەرکوتی ئاسایش وبیانووی دەسەلآتیش ناتوانێت جەماوەری بەعسی بەزێنی کوردستان بێدەنگ وسەرکووت بکات کاتێک مەسەلەی مان وژیان وگوزەرانی خۆتان ومال ومنالەکانتان بابەتی ئەو شەڕە بێت .

بژی خەباتی ڕەوای شارەکانی سلێمانی وچەمچەمال ودەربەندیخان وکفری وسەرجەم خەلکی کوردستان لەپێناوی : نان وکار وئازادیدا

شەرمەزاری وڕووزەردی بۆ دەسەلآتی مافیایی یەکێتی وپارتی

کۆمیتەی ناوەندی

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق

ئابی 2006